
كــــــــردي - سوراني

# کێ منی خوڵقاندووە؟ وبۆچی؟

# هەموو شتێك بەڵگەیە لەسەر بوونی پەروەردگار




جمعية
خدمة المحتوى الإسلامي باللغات

بيان الإسلام
Bayan AL-Islam
byenah.com

جمعية
الدعوة والإرشاد وتوعية الجاليات بالربوة

بسم الله الرحمن الرحيم

# کێ منی خوڵقاندووە؟ وبۆچی؟

# هەموو شتێك بەڵگەیە لەسەر بوونی پەروەردگار


ئامادەکردن و وەرگێڕانی:

لیژنەی زانستی لە دامەزراوەی (خدمة المحتوى الإسلامي باللغات) ،

ناوەندی ڕواد بۆ وەرگێڕان

شركاء التنفيذ:

دار الإسلام

جمعية الربوة

رواد الترجمة

المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص.


Telephone: +966114454900

ceo@rabwah.sa

P.O.BOX: 29465

RIYADH: 11557

www.islamhouse.com

## بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

# پێشەکی

کێ خولقێنەری ئاسمانەکان وزەوی وئەوەی تێیاندایە لە خوڵقێنراوە مەزنەکان کە لە ژماردن نایەن؟

کێ ئەم ڕێکخستە وردەی دروستکردووە لە ئاسمانەکان وزەوی؟

کێ مرۆڤی خوڵقاندووە وبیستن وبینین وتێگەیشتنی پێبەخشیووە، وکێ وایلێکردووە بتوانێت زانست بەدەست بهێنێت وهەست بکات بە هەقیقەتەکان لە بووندا؟

چۆن لێکدانەوە دەکەیت بۆ ئەم خوڵقاندنە ووردە لە ئامێرەکانی لاشەت ولاشەی بوونەوەرە زیندووەکان؟ کێ بەدیهێناون؟

ئەم گەردوونە چۆن ڕێکخراوە وجێگیرە بەپێی یاساکان ؛ کە زۆر بەوردی گەردوونیان ڕێکخستووە بەدرێژایی هەزارەها ساڵ؟

کێ ئەم ڕێکخستنانەی داناوە ؛ کە ڕکێف بەم جیهانەوە دەکەن (ژیان ومردن، وزۆربوونی زیندەوەرەکان، وشەو ورۆژ، وهاتن ورۆیشتنی وەرزەکان، وهتد)؟

ئایا ئەم گەردوونە خۆی خۆی خوڵقاندووە؟ یان لە هیچەوە هاتووە؟ یان بە ڕێکەوت هاتۆتە بوون؟

بۆچی مرۆڤ باوەڕی بە هەندێك شت هەیە لەکاتێکدا نایانبینێت؟ وەکو: (هەست کردن وئەقڵ ورۆح وسۆز وخۆشەویستی) ئایا بەهۆی ئەوە نییە کە شوێنەوار وکاریگەریان دەبینێت؟ ئیتر چۆن مرۆڤ نکۆڵی دەکات لە بوونی خوڵقێنەری ئەم گەردوونە مەزنە ؛ لەکاتێکدا شوێنەواری خوڵقێنراوەکانی وشوێنەوار وکاریگەری دروستکردن ورەحمەتی دەبینێت؟

هیچ کەسێك قبوڵ ناکات ئەگەر بووترێت ئەم خانووە هەیە بە بێ ئەوەی کەس دروستی کردبێت! یان بووترێت هیچ ئەم خانووەی هێناوەتە بوون! ئیتر چۆن هەندێك خەڵك باوەڕیان وایە کە ئەم گەردوونە مەزنە بەبێ خوڵقێنەر هاتۆتە بوون؟ چۆن مرۆڤی ئاقڵ قبوڵ دەکات ئەگەر پێی بووترێت ئەم ووردی ورێکیە لە گەردووندا بە ڕێکەوت هاتووە؟

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿أَمۡ خُلِقُواْ مِنۡ غَيۡرِ شَيۡءٍ أَمۡ هُمُ ٱلۡخَٰلِقُونَ * أَمۡ خَلَقُواْ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ﴾ واتە: ﴿ئایا ئەوان (بێ خالقێك) لە خۆیانەوە دروست بوون یان خۆیان (خالق-خوڵقێنەر) ودروستکەری خۆیانن؟ * ئەی ئایا ئەوان ئاسمانەکان وزەوییان دروست کردووە (نەخێر وا نیە) بەڵکو دڵنیا نین وگومانیان هەیە﴾ [٥٢ : ٣٢].

## خوای بەرز وپاك

یەك پەروەردگار وخوڵقێنەر هەیە، زۆر ناوی جوان و وسیفەتی مەزنی هەیە کە ئاماژەن بۆ کەماڵ وشکۆداری ئەو زاتە میهرەبانە، لە ناوەکانی خوای گەورە: (الخالق -خوڵقێنەر-، والرحیم -میهرەبان- ، والرازق -ڕۆزیدەر-، والكریم -بەخشندە-)، و(الله) بەناوبانگترین ناوی خوای گەورەیە -سبحانە وتعالی-، ماناکەی: بەتەنها شایستەی پەرستنە کە هیچ هاوبەشێکی نییە.

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت :

﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ* ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ*لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ*وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ﴾﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ * (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: هەر ئەو (الله) یە خوای تاک وتەنها (١) ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ * ئەو خوایەی بێ نیاز وجێی نیاز وئومێدی (باوەڕدارانە) (٢) لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ * کەسی لێ نەبووە ولەکەس نەبووە (٣) وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ * وە هەرگیز هیچ کەس هاوشێوە وهاوتای ئەو نییە(٤)﴾[١١٢: ١-٤].

وخوای گەورە دەفەرموێت:

﴿اللَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ وَلا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ﴾ واتە: ﴿خوا زاتێکە جگە لە ئەو هیچ یەکێکی تر پەرستراوی هەق نیە -جگە لە ئەو هیچ یەکێکی تر شایستەی پەرستن نیە- و ئەو هەمیشە زیندووە و ڕاگرو سەرپەرشتیاری (هەموو دروستکراوەکانیەتی)، نە وەنەوز دەیگرێت و نە خەو (چونکە ڕاگرو سەرپەرشتیاری بوونەوەرە)، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر ئەوزاتە خاوەنیەتی، کێ یە ئەوەی (دەتوانێت) تکا بکات لە لای ئەو، بەبێ مۆڵەتی خۆی، دەشزانێت چی لە ئێستاو داهاتوو و ڕابووردودا ڕوویداوەو ڕوودەدات، هیچ کام لە دروستکراوانی زانست و زانیاری تەواویان نیە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو، مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت فێریان بکات (ئەم پێشکەوتن و زانستەی سەردەم بەشێکی کەمن لە بەخششەکانی خوا)، فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و زانینی ئەوزاتە هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە و پارێزگاریان بەلای خواوە هیچ گران نیە و ماندووی ناکات و هەر ئەو خوای بەرزو بڵند و گەورەیە﴾[٢ : ٢٥٥].

## سیفەتەکانی پەروەردگار -سبحانه وتعالى-

پەروەردگار زەوی خوڵقاندووە وملکەچی کردووە، و وایلێکردووە گونجاو بێت بۆ ژیانی خوڵقێنراوەکانی لەسەری، وئەو زاتە خوڵقاندوویەتی ئاسمانەکان وئەوەی تێیدایە لە دروستکراوە مەزنەکان، وخۆر ومانگ وشەو وڕۆژی بەم وردیە ڕێکخستووە کە هەمووی ئاماژەن بۆ مەزنی ئەو زاتە میهرەبانە.

پەروەردگار هەوای بۆ ئێمە ڕامکردووە ؛ کە ژیانمان بەبێ هەوا بەردەوام نابێت، وبارانمان بۆ دادەبەزێنێت ودەریا وڕووبارەکانی بۆمان ڕامکردووە، وخۆراکمان پێدەبەخشێت هەر لەو کاتەوەی کۆرپەلە بووین لەنێو سکی دایکمان بەبێ ئەوەی هیچ هێز وتوانایەکمان هەبێت، و وایکردووە کە خوێن بە نێو دەمارەکانمان هاتوچۆ بکات ودڵمان لێبدات بە بەردەوامی لەو ڕۆژەوەی لەدایك بووین هەتاوەکو دەمرین.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَاللَّهُ أَخْرَجَكُمْ مِنْ بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ واتە: ﴿خوا ئەو خوایە یە کە ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێناوە کە هیچتان نەدەزانی وە (خوا) گوێ و چاو و دڵی پێداون بۆ ئەوەی سوپاسی (خوا) بکەن﴾[١٦: ٧٨].

## پەروەردگاری پەرستراو دەبێت خاوەنی کامڵترین سیفەتەکان بێت

خوڵقێنەرمان ئەقڵی پێبەخشیووین کە دان دەنێت ودرك دەکات بە مەزنی پەروەردگاری، وفیترەتی لە ئێمە ڕواندووە کە ئاماژەیە بۆ کامڵی ئەو زاتە وناکرێت هیچ سیفەتێکی کەموکورتی تێدا بێت.

پەرستن دەبێت تەنها بۆ الله بێت ؛ تەنها ئەو کامڵە بۆیە تەنها ئەو شایستەی پەرستنە، پەرستنی هەر کەس وشتێکی تر جگە لە ئەو زاتە ؛ پوچەڵە وکەموکورتی تێدایە ولەوەیە تووشی مردن ونەمان بێت.

پەرستراوی هەق کە شایستەی پەرستنە نابێت مرۆڤ وبت ودار وئاژەڵ بێت!

گونجاو نییە بۆ مرۆڤی ئاقڵ کە جگە لە خودایەکی کامڵ هیچ یەکێکی تر بپەرستێت، ئیتر چۆن خوڵقێنراوێك دەپەرستێت کە لە خوار پلەی پەروەردگاری مەزنە و لەوەیە نەگات بە پلەی مرۆڤیش!

ناکرێت پەروەردگار کۆرپەلە بێت لە سکی ئافرەتێکدا، و لەدایك بێت هەروەکو چۆن منداڵی تر لەدایك دەبێت!

پەروەردگار خوڵقێنراوەکانی خوڵقاندووە، وهەموو خوڵقێنراوەکان لەناو چنگی ئەودان ولە ژێر دەسەڵاتی ئەودان وملکەچن بۆی؛ بۆیە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت زیانی پێبگەیەنێت، وهیچ یەکێك ناتوانێت لەخاچی بدات وسزای بدات وسوکایەتی پێبکات!

ناکرێت پەروەردگار بمرێت!

پەروەردگار هیچ شتێکی لەبیر ناچێت وناخەوێت وخواردن ناخوات، ئەو زاتە مەزنە ناکرێت هاوسەر ومنداڵی هەبێت ؛ خوڵقێنەر خاوەن سیفەتەکانی مەزنێتیە بۆیە ناکرێت وەسف بکرێت بەوەی پێویستی بە شتێکە

یان کەموکورتی هەیە، وهەموو ئەو دەقانەی پێچەوانەی مەزنێتی پەروەردگار پیشـــاندەدەن ؛ کە دەدرێنە پاڵ پێغەمبەران لە کتێبەکانی پێشـوو، هەموویان دەق گۆڕاو ودەسـتاریکراون وبەشـێك نین لە وەحی ڕاسـت کە موسـا وعیسا وپێغەمبەرانی تر پێی هاتوون -علیهم الصلاة والسلام-.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَنْ يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِنْ يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَا يَسْتَنْقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ * ئەی خەڵکینە: نموونەیەك هێنراوەتەوە چاك گوێی بۆ بگرن؛ بەڕاستی ئەوانەی کە هاناو هاواریان لێدەکەن لەجیاتی خوا، هەرگیز ناتوانن تاکە مێشـێك دروست بکەن، هەرچەندە بۆ ئەو کارە کۆببنەوە و (یارمەتی یەکتریش بدەن) و ئەگەر مێشـــەکە شـــتێکیان لێ بفرێنێت، ناتوانن لێی بسـێننەوە، داواکارو داوالێکراو هەردووکیان لاواز و بێ دەسـەڵاتن. (٧٣) مَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ * ئەوانە (وەکو پێویســـت) قەدری خوایان بەچاکی نەزانی، ڕێزی پەروەردگاریان بەتەواوی نەگرت، لەکاتێکدا بەڕاستی خوا زۆر بەهێزو بە توانا و باڵادەستە (٧٤)﴾[٢٢: ٧٣, ٧٤].

## ئایا ماقوڵە پەروەردگار وازمان لێبهێنێت بەبێ ئەوەی وەحی ئاسمانیمان بۆ بنێرێت؟

ئایا ماقوڵە خوای گەورە هەموو ئەم خوڵقێنراوانە دروسـت بکات بەبێ مەبەسـت، ئایا بێ هودە وتەنها بۆ گەمە دروستیانی کردووە لەکاتێکدا ئەو زاتە دانا وزانایە؟

ئایا ماقوڵە ئەو زاتە کە ئێمەی بەم وردی ورێکیە دروسـتکردووە، وئاسـمانەکان وزەوی بۆمان ڕامکردووە ؛ بەبێ مەبەسـت ئێمە بخوڵقێنێت، یان بەجێمان بهێڵێت بەبێ وەڵامدانەوەی گرنگترین پرسـیارەکان کە بەردەوام لە هزرماندایە، وەکو: بۆچی ئێمە لێرەین؟ وچی هەیە لەپاش مردن؟ ومەبەست چییە لە خوڵقاندنمان؟

خوای گەورە پێغەمبەرانی نارد بۆئەوەی مەبەستی بوونمان بزانین، وتێبگەین چی لێمان دەوێت!

خوای گەورە پێغەمبەرانی نارد بۆئەوەی پێمان ڕابگەیەنن کە تەنها الله شـایسـتەی پەرسـتنە، و بۆئەوەی بزانین چۆن بیپەرستین، و بۆئەوەی فەرمان ونەهی لێکراوەکان بە ئێمە ڕابگەیەنن، ورەوشـت وبەها چاکەکان فێری ئێمە بکەن ؛ ئەگەر دەستیان پێوە بگرین ژیانێکی خۆشمان دەبێت کە پڕ دەبێت لە خێر وبەرەکەت.

خوای گەورە زۆر پێغەمبەری ناردووە وەکو (نوح، ئیبراهیم، موسا، عیسا)، الله نیشانە وموعجیزەی زۆری پێیان بەخشـــی کە بەڵگەن لەسەر ڕاستگۆییان، وبەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەو پێغەمبەرانە لەلایەن پەروەردگارەوە نێردراون.

کۆتا پێغەمبەر موحەممەدە -صلى الله عليه وسلم- وخوای گەورە قورئانی پیرۆزی بۆ دابەزاند.

پێغەمبەران زۆر بەڕوونی بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە کە ئەم ژیانە شـــوێنی تاقیکردنەوەیە، وژیانی ڕاســـتەقینە لەپاش مردن دێت.

ئیمانداران کە الله یان پەرستووە بەتەنها وهاوبەشیان بۆی بڕیار نەداوە، وباوەڕیان بە هەموو پێغەمبەران هێناوە ؛ شوێنی هەتاهەتاییان بەهەشتە، وکافرەکان کە پەرستراوی تریان پەرستووە لەگەڵ الله یان بێباوەڕ بوون بە یەکێك لە پێغەمبەرانی خودا ؛ شوێنی هەتاهەتاییان دۆزەخە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَابَنِي آدَمَ إِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي فَمَنِ اتَّقَى وَأَصْلَحَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ * ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر بۆتان هات پێغەمبەرانێک لە خۆتان ئایەتەکانی منیان بۆ خوێندنەوە جا هەر کەس خۆی پاراست (لە نا فەرمانی خوا) و کردەوەی چاکی کرد ئەوە مەترسیان لەسەر نیە وخەم و خەفەتیش ناخۆن (٣٥) وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ * وە ئەوانەش کە بێ بڕوا بوون بەئایەتەکانی ئێمە و خۆیان بەزل دەزانی لەبەرانبەر ئەو ئایەتانەدا ئەوانە هاوەڵانی ئاگرن ئەوانە بەهەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە (٣٦)﴾

[٧ : ٣٥,٣٦].

وپەروەردگار -سبحانە وتعالى- دەفەرموێت:

﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾ واتە: ﴿ئایا ئێوە گومانتان وابووە کە بێگومان ئێوەمان بەبێ هودە دروستکردووە وە (وا گومانتان دەبرد) بێگومان ئێوە ناگەڕێنەوە بۆلای ئێمە؟﴾[٢٣: ١١٥].

## قورئانی پیرۆز

قورئانی پیرۆز قسـەی خودایە کە دایبەزاندووە بۆ سـەر کۆتا پێغەمبەر موحەمەد -صـلى الله عليه وسـلم-، گەورەترین موعجیزەیە کە بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆیی پێغەمبەرایەتی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- ؛ حوکمەکانی هەق ودادپەروەری تێدایە وهەواڵەکانی هەمووی ڕاســتن، خوای گەورە بەرەنگاری بەدرۆخەرەوانی قورئان بووەوە بەوەی ســورەتێك وەکو قورئان بهێنن ؛ نەیانتوانی بەهۆی جوانی شــێوازەکەی وناوازەیی دەســتەواژەکانی، وزۆر بەڵگەی ئەقڵی وڕاستی زانستی تێدایە کە بەڵگەن لەسـەر ئەوەی مەحاڵە ئەم کتێبە مرۆڤ دایناببێت بەڵکو قسـەی پەروەردگاری مرۆڤە -سبحانه وتعالى-.

## بۆچی چەندەها پێغەمبەر هەیە؟

خوای گەورە هەر لەســەرەتای بڵاوبوونەوەی مرۆڤ لەســەر زەوی ؛ چەندەها پێغەمبەری بۆیان ناردووە بۆئەوەی بانگەوازی خەڵکی بکەن بۆ لای پەروەردگاریان، وفەرمان ونەهی لێکراوەکانیان پێبگەیەنن، وبانگەوازی هەموویان بریتی بوو لە: پەرستنی الله بە تەنها -عز وجل-، هەر ئومەتێك دەستیکردبێت بە وازهێنان یان شێواندنی ئەوەی پێغەمبەرەکەی پێی هاتووە لە فەرمانکردن بە تەوحید -یەك خوا پەرستی- ؛ ئەوا خوای گەورە پێغەمبەرێکی تری بۆیان ناردووە بۆئەوەی ڕێبازەکەیان بۆ ڕاســت بکاتەوە، وخەڵکی بگەڕێنێتەوە بۆ ســەر فیترەتی پاك بە تەنها پەرستنی الله وگوێڕایەڵیکردنی، هەتاوەکو خوای گەورە کۆتایی بە ناردنی پێغەمبەران هێنا بە ناردنی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم-، کە شەریعەتێکی گشتگیری بۆ مرۆڤایەتی هێنا کە هەتاهەتایە دەمێنێتەوە تاوەکو ڕۆژی قیامەت، تەواوکار وهەڵوەشــێنەرەوەی شــەریعەتەکانی پێشــووە، وپەروەردگار -عز وجل- زامنی مانەوە وبەردەوامی بۆ ئەم شەریعەتە کرد هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت.

بۆیە ئێمەی مســوڵمان -بەو شــێوەی الله فەرمانیپێکردووە- باوەڕمان بە هەموو پێغەمبەران وکتێبەکانی پێشوو هەیە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ وَقَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ﴾ واتە: ﴿پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بڕوای هێنا بەو پەیامەی کە بۆی نێردراوە لە پەروەردگاریەوە لەگەڵ بڕواداراندا هەموو بڕوایان هێناوە بە خوا وبە فریشــتەکانی وبە کتێبەکانی (پەیامەکانی) وبە پێغەمبەرانی جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ یەکێک لە پەیامبەران (بڕواداران) ووتیان: (پێغەمبەر ئاینی خوای پێگەیاندین ئێمەش) بیســتمان فەرمانبەرداریمان کرد داوای لێخۆشــبوونت لێدەکەین ئەی پەروەردگارمان وهەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوەمان﴾[٢: ٢٨٥].

## مرۆڤ نابێتە ئیماندار هەتاوەکو باوەڕ دەهێنێت بە هەموو پێغەمبەران

ئەوەی پێغەمبەرانی ناردووە ؛ الله یە، وهەرکەســێك بێباوەڕ بێت بە یەکێك لە پێغەمبەران ئەوا بێباوەڕ بووە بە هەموویان، هیچ تاوانێك گەورەتر نییە لەوەی مرۆڤ وەحی خودا ڕەت بکاتەوە، بۆیە بۆ چوونە بەهەشت دەبێت مرۆڤ باوەڕی بە هەموو پێغەمبەران هەبێت.

واجبە لەســەر هەموو مرۆڤێك باوەڕ بهێنێت بە هەموو پێغەمبەرانی خودا، ئەمیش نایەتە دی هەتاوەکو باوەڕ دەهێنێت بە کۆتا پێغەمبەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- ودەبێت بە یەکێك لە شوێنکەوتووانی.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەســێك باوەڕ نەهێنێت بە یەکێك لە پێغەمبەرانی خودا ؛ ئەوا بێباوەڕ وکافرە بە وەحی خودا،

ئەم ئایەتە بخوێنەوە:

﴿إنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا * بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕن بەخواو پێغەمبەرەکانی وە دەیانەوێت جیاوازی بخەنە نێوان خوا و پێغەمبەرەکانی وە دەڵێن باوەڕ بەهەندێک (لەپێغەمبەران) دەهێنین وە باوەر ناهێنن بەهەندێکی تریان و دەیانەوێت لەو نێوانەدا ڕێگەیەک بدەنەبەر (١٥٠) أُولَئِكَ هُمُ الكافِرُونَ حَقًّا وأعْتَدْنا لِلْكَفَرَيْنِ عَذابًا مُهِينًا * ئا ئەوانە بەڕاستی بێ باوەڕی تەواون وە ئامادەمان کردووە بۆ بێ باوەڕان سزایەکی ڕسواکەر (١٥١) ﴾ [٤: ١٥٠,١٥١].

## ئایا ئیسلام چییە؟

ئیســلام بریتیە لە تەســلیم وملکەچبوون بۆ خوای گەورە بەپێی بنەماکانی تەوحید -یەك خوا پەرســتی-، وگوێڕایەڵی وفەرمانبەردار بوون بۆ شەریعەتەکەی بە ڕازی بوون وقبوڵکردنەوە.

خوای گەورە پێغەمبەرانی ناردووە بۆ گەیاندنی مەزنترین پەیام ؛ ئەویش بریتیە لە: بانگەوازی کردن بۆ پەرستنی الله بەتەنها بەبێ بڕیاردانی هاوبەش لە پەرستنیدا.

ئیســلام ئاینی هەموو پێغەمبەرانە، یەك بانگەوازییان هەیە بەڵام شــەریعەتەکانیان جیاوازە، وئەمرۆ تەنها مســوڵمانان شــوێنکەوتووی ئاینی ڕاســتن کە پێغەمبەران پێی هاتوون، تەنها پەیامی ئیســلام هەق وڕاســتە لەم ســەردەمەدا، ئەو پەروەردگارەی کە ئیبراهیم وموسا وعیسای ناردووە ؛ هەر ئەویش کۆتا پێغەمبەری ناردووە کە موحەمەدە -صلى الله عليه وسلم-، شــەریعەتی ئیسلام هەڵوەشێنەرەوەی شــەریعەتەکانی پێشووە وچیتر نابێت کاریان پێبکرێت.

ئەمرۆ هەموو ئاینەکانی ســەر زەوی -جگە لە ئاینی ئیســلام- لە دروســتکراوی مرۆڤن، یان ئاینی الله بوون پاشــان گۆڕدران ودەســتکاریکران ؛ بۆیە بوون بە تێکەڵەیەك لە خورافیات وئەفســانە وکۆشــشیــ مرۆڤەکان. لەبەرامبەردا ؛ بیروباوەڕی مســوڵمانان بیروباوەڕێکی ڕوون ونەگۆڕە، بڕوانە قورئانی پیرۆز یەك کتێبە لە هەموو وڵاتەکانی مسوڵمانان.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿قُلْ آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَالنَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ * (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: ئێمە بڕوامان هێناوە بە خوای گەورە وە بەوەی نێرراوەتە خوارەوە بۆمان وە بەوەی کە نێرراوەتە خوارەوە بۆ ئیبراهیم وئیسماعیل وئیسحاق ویەعقوب وکوڕانی یەعقوب وە بەوەی کە دراوە بە موساو عیسا وە پێغەمبەرەکانی تر لە پەروەردگاریانەوە جیاوازی ناکەین لەنێوان هیچ کامێک لەم پێغەمبەرانە وە ئێمە بۆ خوای گەورە گەردن کەچین (٨٤) وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ * و هەرکەسێک ئاینێکی تر پەیڕەو بکات جگە لە ئیسلام هەرگیز لێی قبوڵ ناکرێت لە قیامەتیشدا لە دۆڕاوەکان دەبێت (٨٥)﴾ [٣: ٨٤,٨٥].

## باوەڕی مسوڵمانان چییە سەبارەت بە عیسا -علیه السلام-؟

ئایا دەزانیت واجبە مسوڵمان باوەڕی بە پێغەمبەر عیسا هەبێت وخۆشی بوێت وڕێزی لێبگرێت وباوەڕ بە پەیامەکەی بهێنێت ؛ کە بریتیە لە بانگەوازی بۆ پەرستنی تەنها الله بەبێ بڕیاردانی هاوبەش لە پەرستنیدا ! ومسوڵمانان باوەڕیان وایە عیسا وموحەمەد -صلى الله عليهما وسلم- پێغەمبەر بوون، ونێردراون بۆئەوەی ڕێنموێنیکار وهیدایەتدەری خەڵکی بن بۆ ڕێبازی الله وڕێبازی بەهەشت.

باوەڕمان وایە کە عیسا -علیه السلام- یەکێك بوو لە مەزنترین پێغەمبەرانی خودا کە پەروەردگار ناردوونی، وباوەڕمان وایە بە موعجیزەئاسا لەدایکبووە، الله لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەوەی بۆ کردووین کە عیسای بە بێ باوك خوڵقاندووە ؛ هەروەکو چۆن ئادەمی خوڵقاند بە بێ ئەوەی دایك وباوکی هەبێت وپەروەردگار لەسەر ئەنجامدانی هەموو شتێك تواناداره.

باوەڕمان وایە عیسا خودا نییە، وکوڕی خودا نییە، ولە خاچ نەدراوە بەڵکو ئەو ئێستا زیندووە، خوای گەورە بۆ لای خۆی بەرزی کردەوە بۆئەوەی لە کۆتایی دونیادا دابەزێت وەکو فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر، و لەگەڵ مسوڵمانان دەبێت چونکە تەنها مسوڵمانان باوەڕیان بە تەوحید -یەك خوا پەرستی- هەیە کە عیسا وهەموو پێغەمبەران بەم پەیامە ڕەوانە کراون.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەوەی بۆ کردووین کە نەسرانیەکان پەیامی عیسایان شێواند وگۆڕیان، وخەڵکانێکی گومڕا ولادەر دەستکاری ئینجیلیان کرد وگۆڕانکاریان تێدا کرد وهەندێك دەقیان بۆ زیاد کرد کە عیسا نەیفەرمووە، وبەڵگەیش لەسەر ئەم بابەتە ؛ بوونی چەندەها جۆری جیاوازە لە ئینجیل کە پڕن لە دژیەکی لە دەقەکانیاندا.

بەپێی وەحی الله ؛ عیسا پەروەردگاری دەپەرست وداوای لە هیچ یەکێك نەکردووە کە ئەو بپەرستێت بەڵکو فەرمانی بە قەومەکەی دەکرد کە تەنها پەروەردگاریان بپەرستن، بەڵام شەیتان گاورەکانی گومڕا کرد و وایلێکردن کە عیسا بپەرستن، پەروەردگار لە قورئاندا پێمانی ڕاگەیاندووە کە لە قیامەتدا لێخۆشبوون نییە بۆ کەسێك جگە لە الله ی پەرستبێت لەگەڵ الله و لەسەر ئەمە مردبێت بەبێ تەوبەکردن، وعیسا لە ڕۆژی قیامەتدا حاشا دەکات لەوانەی ئەویان پەرستووە، وپێیان دەفەرموێت من فەرمانم پێکردن بەتەنها خوڵقێنەرتان بپەرستن وداوام لێنەکردن من بپەرستن. لەو بەڵگانەش لەسەر ئەم بابەتە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ ۚ إِنَّمَا ٱلْمَسِيحُ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلْقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِّنْهُ ۖ فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ ۖ وَلَا تَقُولُوا۟ ثَلَـٰثَةٌ ۚ ٱنتَهُوا۟ خَيْرًا لَّكُمْ ۚ إِنَّمَا ٱللَّهُ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ سُبْحَـٰنَهُۥٓ أَن يَكُونَ لَهُۥ وَلَدٌ ۘ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا﴾ واتە: ﴿ئەی خاوەن پەڕاوە ئاسمانیەکان زیادە ڕەوی مەکەن لەئاینەکەتاندا وە شتێک مەڵێن لە بارەی خواوە بێجگە لەڕاستی بێگومان مەسیح عیسای کوڕی مەریەم تەنها پێغەمبەری خوایە (دروستی کردوە بە) ووتەی خۆی (ببە)، (بە جبریدا) ناردی بۆ مەریەم، و (عیسا) گیانێکە لەلایەن خواوە بەخشراوە کەواتە بڕوا بهێنن بەخواو پێغەمبەرانی وە مەڵێن (خواکانمان) سیانن (اللّٰه و عیسی و مەریەم) (لەو ووتەیە) واز بهێنن چاکترە بۆتان بێگومان خوا پەرستراوێکی تەنهایە پاک و بێگەردی بۆ خوا لەوەی ڕۆڵەی هەبێت هەر هی خوایە هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لەزەویدایە وە خوا بەسە چاودێربێت (و هەموو شتێکی بدرێتە دەست)﴾[٤ : ١٧١].

وپەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ ۚ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ﴾ واتە: ﴿وە (بیر بکەرەوە) کاتێک خوا دەفەرمووێت: (لەڕۆژی دواییدا) ئەی عیسای کوڕی مەریەم ئایا تۆ ووتووتە بە خەڵکی کەمن و دایکم بە دوو پەرستراو دابنێن (وبمانپەرستن) لەجیاتی خوا؟ (عیسا) ووتی: پاک و بێگەردی بۆ تۆ ئەی خوایە نابێت و ناگونجێت بۆ من شتێک بڵێم کە بە هیچ شێوەیەک مافی من نیە ئەگەر من ئەو قسەیەم کردبێت ئەوە بەڕاستی تۆ ئاگات لێیە چونکە تۆ ئەوەی لە نەفسم دایە دەیزانی بەڵام من نازانم و بێ ئاگام لەوەی کە لەنەفسی تۆدایە بەڕاستی تەنها تۆ زانای تەواوی بە هەموو نهێنیەک﴾[٥ :١١٦].

## ئەوەی دەیەوێت ڕزگاری بێت لە قیامەتدا ؛ دەبێت بێتە نێو ئاینی ئیسلامەوە وشوێنی پێغەمبەر موحەمەد بکەوێت -صلی الله علیه وسلم-.

لەو هەقیقەتانەی کە هەموو پێغەمبەران -علیهم السلام- کۆکن لەسەری ئەوەیە کە لە قیامەتدا تەنها مسوڵمانان ڕزگاریان دەبێت؛ ئەوانەی باوەڕیان بە اللّٰه هێناوە -سبحانە وتعالی- و لە پەرستنیدا هیچ یەکێکیان نەکردووە بە هاوبەشی، وباوەڕیان بە هەموو پێغەمبەران هێناوە. ئەوانەی لە سەردەمی موسا بوون وباوەڕیان پێی هێنا وشوێنی ڕێنماییەکانی کەوتن ؛ ئەوانەی مسوڵمان وئیماندار وچاکەکارن، بەڵام پاش ناردنی عیسا واجب بوو لەسەر شوێنکەوتووانی موسا باوەڕ بە عیسا بهێنن وشوێنی بکەون، هەرکەسێك باوەڕی بە عیسا هێنابێت مسوڵمان وچاکەکارە، وئەوەی بێباوەڕ بووبێت بە پەیامی عیسا و وتبێتی هەر لەسەر ئاینی موسا دەمێنمەوە ؛ ئەمە ئیماندار نییە، چونکە ڕەتی کردووەتەوە باوەڕ بە پێغەمبەرێك بهێنێت کە پەروەردگار ناردوویەتی، پاشان کە خوای گەورە پێغەمبەر موحەمەدی نارد ؛ واجبە لەسەر هەموو خەڵکی باوەڕی پێبهێنن، ئەو پەروەردگارەی موسا وعیسای ناردووە ؛ هەر ئەویش کۆتا پێغەمبەری ناردووە کە موحەمەدە -صلی الله علیه وسلم-، ئەوەی کافر وبێباوەڕ بێت بە پەیامی موحەمەد -صلی الله علیه وسلم- وبڵێت لەسەر شوێنکەوتنی موسا وعیسا دەمێنمەوە ئەوا ئەم کەسە ئیماندار نییە.

تەنها بەس نییە کە بڵێت ڕێز لە مســـوڵمانان دەگرم، وتەنها بەس نییە بۆ ڕزگاربوونی ؛ خێر بکات ویارمەتی هەژاران بدات، بەڵکو دەبێت باوەڕ بە الله وکتێبەکانی وپێغەمبەرانی ورۆژی قیامەت بهێنێت؛ بۆئەوەی خوای گەورە کردەوە چاکەکانی لێ قبوڵ بکات ! هیچ تاوانێك گەورەتر نییە لە شــیرك -هاوبەشـــدانان بۆ الله- یان بێباوەڕبوون بە الله یان ڕەتکردنەوەی ئەو وەحیەی خودا دایبەزاندووە یان بێباوەڕ بێت بە پێغەمبەرایەتی کۆتا پەیامبەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم-. جولەکە وگاورەکان ئەوانەی دەبیستن سەبارەت بە ناردنی پێغەمبەری خودا موحەمەد -صــلى الله عليه وســلم- ورەتی دەکەنەوە ئیمانی پێبهێنن ونایانەوێت بێنە نێو ئاینی ئیســلامەوە ؛ ئەمانە شوێنی هەتاهەتاییان دۆزەخەوە، هەورەکو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْـــرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ أُولَـــئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ﴾ واتە: ﴿بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕ بوون لە خاوەن کتێبەکان و موشریك و هاوەڵگەران دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوەو بە نەمری تیایدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە، هەر ئەوانەن تاوانبارترین و خراپترینی خەڵكانی سەرزەوی﴾

[٩٨: ٦].

کاتێك کۆتا پەیامی خودا دابەزی بۆ هەموو مرۆڤایەتی ؛ واجبە لەســـەر هەموو مرۆڤێك کە ســـەبارەت بە ئیسلام وکۆتا پەیامبەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- دەبیستێت باوەڕی پێبهێنێت، وشوێنی شەریعەتی ئیسلام بکەوێت وگوێڕایەڵی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێت لە فەرمان ونەهی کردنیدا، بۆیە هەرکەسێك سەبارەت بە ئەم کۆتا پەیامە ببیســتێـــت ؛ وباوەڕی پێنەهێنێت، ئەوا الله هیچ شــتێکی لێ قبوڵ ناکات ولە قیامەتدا سزای دەدات، ولەو بەڵگانەش لەسەر ئەم بابەتە ؛ خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ واتە: ﴿و هەرکەسێک ئاینێکی تر پەیڕەو بکات جگە لە ئیسلام هەرگیز لێی قبوڵ ناکرێت لە قیامەتیشدا لە خەسارۆمەندان دەبێت﴾[٣ : ٨٥].

وخوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًـا أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْـهَدُوا بِأَنَّا مُسْـلِمُونَ﴾ واتە: ﴿(ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: ئەی خاوەن نامەکان وەرن بۆ لای ووتەیەکی ڕاســـت و (یەکســـان) لە نێوان ئێمە و ئێوەدا کە جگە لەخوا هیچ نەپەرســـتین وە هیچ شـــتێک نەکەین بە هاوبەشی وە هەندێکمان هەندێکمان بە پەروەردگار دانەنێین ئەمجا گەر پشـــتیان هەڵکرد ئێوەش بڵێن: ئێوە شاهید بن کە ئێمە فەرمانبەردار وگوێڕایەڵ وملکەچی خوداین﴾[٣: ٦٤].

## دەبێت چی بکەم بۆئەوەی ببمە مسوڵمان؟

بۆ هاتنە نێو ئاینی ئیسلام واجبە مرۆڤ باوەڕ بهێنێت بە ئەم شەش پایە:

باوەڕهێنان بە الله -سبحانە وتعالی- وئەو زاتە خوڵقێنەر ورۆزیدەر وبەڕێوبەر وموڵکداری هەموو شتێکە، هیچ شتێك وەکو ئەو نییە وهاوسەر ومنداڵی نییە، وتەنها ئەو شایستەی پەرستنە.

باوەڕهێنان بە فریشتەکان وئەوان بەندەی الله ن -سبحانە وتعالی-، و لە نور خوڵقێنراون ولە کردەوەکانیان: وەحی دادەبەزێنن بۆ پێغەمبەران.

باوەڕهێنان بە هەموو کتێبە ئاسمانیەکان کە خوای گەورە دایبەزاندن بۆ سەر پێغەمبەرانی ؛ لەو کتێبانەیش: تەورات وئینجیل، وکۆتا کتێبی ئاسمانی قورئانی پیرۆزە.

باوەڕهێنان بە هەموو پێغەمبەران وەکو نوح وئیبراهیم وموسا وعیسا، وکۆتا پێغەمبەر موحەمەدە -صلی الله علیە وسلم-، ئەوان مرۆڤن وخوای گەورە وەحی بۆ ناردن وسەریانی خست بە بەخشینی نیشانە وموعجیزەکان پێیان ؛ کە بەڵگەن لەسەر ڕاستگۆییان.

باوەڕهێنان بە ڕۆژی دوایی ؛ کاتێك خوای گەورە لە سەرەتاوە تا کۆتای مرۆڤەکان زیندوو دەکاتەوە، ودادوەری لەنێوان بەندەکانی دەکات، ئیمانداران دەچنە بەهەشتەوە وکافرەکان دەخرێنە نێو دۆزەخەوە.

باوەڕهێنان بە قەدەری الله، وپەروەردگار سەبارەت بە هەموو شتێك دەزانێت لەوەی لە ڕابردوو ڕوویداوە وئەوەیشی لە داهاتوودا ڕوودەدات، وخوای گەورە هەموو ئەمانەی نووسیووە و ویستی لەسەر ڕوودانیان هەبووە، وهەموو شتێکی خوڵقاندووە.

## ئیسلام ڕێگای بەختەوەریە

ئیسلام ئاینی هەموو پێغەمبەرانە وئاینێکی تایبەت نییە بۆ عەرەب.

ئیسلام ڕێگای ڕاستەقینەیە بۆ بەختەوەری لە دونیادا وبۆ نیعمەتی نەبڕاوە لە قیامەتدا.

ئیسلام تاکە ئاینە کە دەتوانێت پێویستیە ڕۆحی ولاشەییەکانی مرۆڤ جێبەجێ بکات، وتاکە ئاینە کە دەتوانێت هەموو کێشەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر بکات.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قَالَ اهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلا يَضِلُّ وَلا يَشْقَى﴾ واتە: ﴿(خوا) فەرمووی هەردووکتان برۆنە خوارەوە (لەبەهەشت) بەیەکەوە، (نەوەکانتان) دەبنە دوژمنی یەکتری جا ئەگەر (بە پێغەمبەراندا) پەیامتان بۆ هات لەلایەن منەوە ئەوسا ئەوەی شوێنی ڕێنمونی من بکەوێت ئەوە (لەدونیادا) گومڕا نابێت و (لەڕۆژی دوایشدا) تووشی ناخۆشی و زەحمەت نابێت (١٢٣)وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى * وە هەرکەسێک ڕوو وەرگێڕێت لەڕێبازو یادی من ئەوە بێگومان ئەو کەسە گوزەرانێکی سەخت و تەنگی دەبێت (لەگۆڕدا) و لەڕۆژی دواییشدا حەشری دەکەین بەکوێری (١٢٤)﴾ [٢٠: ١٢٣, ١٢٤].

## چی سوودێك بەدەست دەهێنم ئەگەر بێمە نێو ئاینی ئیسلامەوە؟

هاتنە نێو ئاینی ئیسلام زۆر سوودی هەیە، لەوانەیش:

- بردنەوە وشەرەفمەندی لە دونیادا بەوەی مرۆڤ دەبێتە بەندەی الله لە دونیادا، ئەگەر نا دەبێتە بەندەی هەوا وئارەزوو وشەیتان وشەهوەت.

- گەورەترین بردنەوە لە قیامەتدایە ؛ کاتێك لە سزای دۆزەخ ڕزگاری دەبێت ودەچێتە بەهەشت، وڕەزامەندی الله بەدەست دەهێنێت و بۆ هەتاهەتایی لە بەهەشتدا دەمێنێتەوە.

- ئەوانەی پەروەردگار دەیانخاتە بەهەشتەوە ؛ لە نێو نیعمەتی نەبڕاوە دەژین بەبێ مردن وتووشی هیچ جۆرێك لە نەخۆشی وئازار وخەفەت نابن، وهەرگیز پیر نابن وئەوەی بیانەوێت پێیان دەبەخشرێت.

لە بەهەشتدا خۆشی ونیعمەتی وەهای تێدایە کە هەرگیز چاوەکان نەیانبینیووە، وگوێیەکان نەیانبیستووە، وهەرگیز بە خەیاڵی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە.

لەو بەڵگانەش سەبارەت بەم بابەتە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ واتە: ﴿هەرکەس لە نێر یان لە مێ کردەوەی چاکی کردبێت و بیکات و بڕواداریش بوو بێت ئەوە سوێند بە خوا بە ژیانێکی خۆش دەیان ژیەنین و سوێند بێ پاداشتیان بدەینەوە بە چاکتر لەوەی کە ئەوان دەیانکرد﴾[١٦ : ٩٧].

## تووشی چی خەسارۆمەندی وزیانێك دەبم ئەگەر پەیڕەوكاری ئاینی ئیسلام نەبم؟

مرۆڤ گەورەترین زانست لەدەست دەدات ؛ ئەویش زانستە بە الله، وباوەڕهێنان بە الله لەدەست دەدات كە ئەم باوەڕهێنانە هێمنی ودڵنیایی بە مرۆڤ دەبەخشێت لەگەڵ نیعمەتی نەبڕاوە وهەتاهەتایی لە قیامەتدا.

ومرۆڤ خوێندنەوە وتێڕامان وباوەڕهێنان بە ئەم كتێبە لەدەست دەدات كە الله دایبەزاند بۆ خەڵكی.

هەروەها مرۆڤ هاوەڵبوون لەگەڵ پێغەمبەران لەدەست دەدات لە بەهەشتدا، وهاوەڵ دەبێت لەگەڵ شەیتانەكان وتاوانبارەكان وتاغوتەكان لە دۆزەخدا ؛ كە خراپترین شوێن وهاوەڵ لەوێیە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قُلْ إِنَّ الْخَاسِرِينَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَلَا ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ * (بە بێ باوەڕان بڵێ) ئێوەش جگە لە خوا چیتان وویست بی پەرستن بڵێ بێگومان زەرەرمەندان كەسانێكن كە خۆیان و كەسوكاریان لەدەستداوە لە ڕۆژی قیامەتدا بێدار بن، هەر ئەوەیە زەرەرۆمەندی ئاشكراو دیار (١٥) لَهُمْ مِنْ فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِنَ النَّارِ وَمِنْ تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ذَلِكَ يُخَوِّفُ اللَّهُ بِهِ عِبَادَهُ يَا عِبَادِ فَاتَّقُونِ * بۆ ئەوان هەیە لەلای سەریانەوە چەند تەبەقێك (وەك هەوری ڕەش) لەئاگر و لەژێریشیانەوە چەند تەبەقێك هەیە ئەو (سزایە) خوا بەندەكانی خۆی پێ دەترسێنێت ئەی بەندەكانم خۆتان بپارێزن (لە سزای من) (١٦)﴾[٣٩: ١٥, ١٦].

## بڕیارەكە دوامەخە !

دونیا شوێنی مانەوەی هەتاهەتایی نییە...

هەموو جوانیەك تێیدا نامێنێت وهەموو شەهوەتێك دەكوژێتەوە...

ڕۆژێك دێت كە لێپرسینەوەت لێدەكرێت لەسەر هەموو قسە وكردەوەكانت؛ ئەویش ڕۆژی قیامەتە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَوُضِعَ الْكِتَابُ فَتَرَى الْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَذَا الْكِتَابِ لاَ يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلاَ كَبِيرَةً إِلاَّ أَحْصَاهَا وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِرًا وَلاَ يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا﴾ واتە: ﴿نامەی كردەوەكان دابەش دەكرێت (دەدرێتە دەستی ڕاستی چاكەكاران و دەستی چەپی تاوانباران) ئەمجا تاوانباران دەبینیت زۆر دەترسن لەو (هەموو تاوان و خراپەی) كە تێیدایە و دەڵێن ئای هاوار بۆ ئێمە ئەم نامە و دەفتەرە چییە؟ هیچ كردەوەیەكی بچووك و گەورەی بەجێ نەهێشتووە و تۆماری كردووە هەر كردەوەیەكیان كردبێت (تیایدا) ئامادەیە و پەروەردگارت ستەم لە كەس ناكات﴾[١٨ : ٤٩].

خوای گەورە -عز وجل- پێمانی ڕاگەیاندووە كە ئەو مرۆڤەی مسوڵمان نابێت ؛ چارەنووسی مانەوەی هەتاهەتایە لە دۆزەخدا.

خەسارۆمەندیەكی كەم نییە بەڵكو مەزنە:

﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ واتە: ﴿و هەركەسێک ئاینێکی تر پەیڕەو بكات جگە لە ئیسلام هەرگیز لێی قبوڵ ناكرێت لە قیامەتیشدا لە دۆڕاوەكان دەبێت﴾[٣ : ٨٥].

ئیسلام ئەو ئاینەیە کە پەروەردگار جگە لە پەیڕەوکردنی ئەم ئاینە ؛ پەیڕەوکردنی هیچ ئاینێکی تر قبوڵ ناکات لە مرۆڤەکان.

الله ئێمەی خوڵقاندووە وبۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە، وئەم دونیایە شوێنی تاقیکردنەوەیە بۆ ئێمە.

دڵنیا بە لەسەر ئەوەی: ئەم دونیایە زۆر کورتە وەکو خەوبینینێکی کورت وایە... وهیچ یەکێك نازانێت کەی دەمرێت!

ئایا وەڵامت بۆ پەروەردگارت چی دەبێت ئەگەر لە ڕۆژی قیامەتدا لێت بپرسێت: بۆچی شوێنی هەق وڕاستی نەکەوتیت؟ بۆچی شوێنی کۆتا پێغەمبەر نەکەوتیت؟

چۆن وەڵامی پەروەردگارت دەدەیتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ لەکاتێکدا ئاگاداری کردیتەوە لە سەرەنجامەکانی بێباوەڕ بوون بە ئیسلام، وپێی ڕاگەیاند کە چارەنووسی کافر -بێباوەڕ- تیاچوونی هەتاهەتاییە لە دۆزەخدا؟

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ واتە: ﴿وە ئەوانەی کە بێباوەڕبوون و نیشانە و ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ زانی ئەوانە هاوەڵ و هاودەمی ئاگرن تیایدا ئەمێننەوە بەهەتاهەتایی وهەمیشەیی﴾[٢: ٣٩].

## هیچ پۆزشێك نییە بۆ ئەوکەسەی هەق ڕەت دەکاتەوە وشوێنی باوباپیرانی دەکەوێت

الله -عز وجل- پێمانی ڕاگەیاندووە کە زۆرێك لە خەڵکی ڕەتی دەکەنەوە بێنە نێو ئاینی ئیسلامەوە لە ترسی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین.

وزۆرێك لە خەڵکی ئیسلام ڕەت دەکەنەوە چونکە حەز ناکەن بیروباوەڕیان بگۆڕن کە لە باوباپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە و لەسەری ڕاهاتوون، وزۆرێك لە مرۆڤەکان دەمارگیری بۆ پوچەڵ ڕێگر دەبێت لە باوەڕهێنانیان بە ئیسلام ؛ کە ئەم دەمارگیریە زۆرجار لە باوباپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە .

هەموو ئەمانە هیچ پۆزشێکیان نییە بۆ باوەڕ نەهێنان بە ئیسلام، وهەموویان لەپێش خوای گەورە دەوەستن وهیچ بەڵگەیان پێ نییە بۆ بەرگری کردن لە خۆیان.

هیچ پۆزشێك نییە بۆ مولحید کە بڵێت لەسەر ئیلحاد -بێ دینی- دەمێنمەوە چونکە لە خێزانێکی مولحید لەدایکبووم! بەڵکو دەبێت ئەو ئەقڵەی خودا پێی بەخشیووە بەکاریبهێنێت، وتێڕامان بکات بۆ مەزنی ئاسمانەکان وزەوی، وبیر بکاتەوە بەو ئەقڵەی خودا پێی بەخشیووە بۆئەوەی تێبگات ئەم گەردوونە پەروەردگارێکی هەیە، هەروەها ئەوەی بەرد وبت دەپەرستێت هیچ پۆزشێکی نییە بۆ شوێنکەوتنی باوباپیرانی، بەڵکو دەبێت بگەڕێت سەبارەت بە هەق وڕاستی وپرسیار لە خۆی بکات: چۆن بێ گیانێك دەپەرستم کە نامبیستێت ونامبینێت وهیچ سوودێکی بۆم نییە ؟!

وئەوگاورەی باوەڕی بە شتانێك هەیە کە پێچەوانەی فیترەت وسروشت وئەقڵی مرۆڤن ؛ لەوانەیش باوەڕبوون بەوەی خودا کوڕی هەیە، هەروەها دەبێت پرسیار لە خۆی بکات: چۆن پەروەردگار منداڵەکەی دەکوژێت لەکاتێکدا هیچ گوناهێکی نەکردووە بەڵکو لەبەر تاوانی خەڵکی تر دەیکوژێت! ئەمە ستەمە! چۆن مرۆڤەکان دەتوانن کوڕی خودا لەخاچ بدەن وبیکوژن! ئایا پەروەردگار توانای ئەوەی نییە لە تاوانی مرۆڤەکان

خۆش بێت بەبێ ئەوەی پێویســـت بکات ورێگە بدات بەوەی کورەکەی بکوژن؟ ئایا پەروەردگار توانای بەرگری کردنی نییە لە کورەکەی؟

واجبە مرۆڤ ژێر شوێنی هەق وڕاستی بکەوێت، ولاسایی باوباپیرانی نەکاتەوە لە پوچەڵدا.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُــولِ قَالُواْ حَسْــبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَــيْـًٔـــا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾ واتە: ﴿وەکاتێک کە بووترێت پێیان وەرن بۆ لای ئەو قورئانەی کە خوا ناردویەتیە خوارەوە و بۆ لای (پێغەمبەر ﷺ) دەڵێن بەســمانە ئەو (ئاینەی) کەباوک و باپیرانمان لەســەری بوون ئایا (چاویان لێدەکەن) ئەگەر لە حاڵێکدا باو باپیرانیشیان هیچ شتێکیان نەزانییێ وگومڕابووبن﴾[٥ : ١٠٤].

## چی بکات ئەو کەسەی کە دەیەوێت مسوڵمان بێت بەڵام دەترسێت لەوەی کەسە نزیکەکانی ئازاری بدەن؟

ئەوەی دەیەوێت مسـوڵمان بێت ولە ژینگەی دەوروپشـتی دەترسـێت، دەتوانێت ئیسلامبوونی بشارێتەوە هەتاوەکو خوای گەورە رێگای خێری بۆ ئاسان دەکات، وبۆی گونجاو دەبێت کە ئیسلامەتیەکەی ئاشکرا بکات.

واجبە لەسـەرت دەسـتبەجێ ئیسـلام قبوڵ بکەیت، بەڵام واجب نییە مسـوڵمان بوونت بە دەوروپشـتت بڵێیت وئاشکرای بکەیت؛ ئەگەر ئەمە زیانی بۆت هەبێت.

بزانە ئەگەر مســوڵمان بیت دەبیت بە برای ســەدان ملیۆن مســوڵمان، ودەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە مزگەوتێك یان ناوەندێکی ئیسلامی لە وڵاتەکەدا، وداوای ڕاوێژ ویارمەتیان لێبکەیت وئەمە بەختەوەریان دەکات.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِـب * هەر کەسێك لە خوا بترسێت -تەقوادار بێت- خوا دەرووی لێ دەکاتەوە وە رزق ورۆزی دەدات لەلایەکەوە کە بەخەیاڵیدا نەهاتووە ویری لێ نەکردوەتەوە﴾ [٦٥ : ٢، ٣].

## پەیامێك بۆ تۆ ئەی خوێنەری بەڕێز

ئایا خوڵقێنەرت -كە ئەو هەموو نیعمەتەی پێداوویت، وخواردنی پێدەبەخشیت لەكاتێكدا كۆرپەلە بوویت لەناو سکی دایکتدا وئێستا هەوات پێدەبەخشیت بۆئەوەی هەڵیبمژیت- ؛ ڕازیکردنی ئەو گرنگتر نییە لەلات لە ڕازیکردنی خەڵکی؟

ئایا بردنەوەی دونیایی وقیامەتی شایستەی قوربانیدان نییە بە هەموو چێژە كاتی وبڕاوەكانی دونیا؟ سوێند بە الله، شایستەیە!

مەهێڵە ڕابردووت ڕێگر بێت لەوەی ڕێگا چەوتەكەت ڕاست بكەیتەوە، وكارە ڕاست ودروستەكان ئەنجام بدەیت. ئەمڕۆ ببە بە ئیماندارێکی ڕاستەقینە! ومەهێڵە شەیتان ڕێگر بێت لەوەی شوێنی هەق بكەویت!

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمْ بُرْهَانٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ نُورًا مُبِينًا * ئەی خەڵكینە بەڕاستی بۆتان هات بەڵگەی ئاشكرا لە پەروەردگارتانەوە، وە ناردمانە خوارەوە بۆتان ڕووناكییەكی ئاشكرا (كە قورئانە) (١٧٤)فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَاعْتَصَمُوا بِهِ فَسَيُدْخِلُهُمْ فِي رَحْمَةٍ مِنْهُ وَفَضْلٍ وَيَهْدِيهِمْ إِلَيْهِ صِرَاطًا مُسْتَقِيمًا * جا ئەوانەی باوەڕیان بە خوا هێناوە و پشتیان بەو بەستووە ودەستیان گرت بە ئاینەكەیانەوە ئەوە بێگومان دەیانخاتە ناو بەزەیی خۆیەوە و بەهرەو چاكەی (خۆیەوە) وە ڕێنماییان دەكات بۆلای خۆی كە ڕێگای ڕاستە (١٧٥)﴾[٤: ١٧٤, ١٧٥].

## ئایا ئامادەیت بۆ مەزنترین بڕیاردان لە ژیانتدا؟

ئەگەر هەموو ئەوەی باسكرا لەلات ماقوڵ ومانادارە، ودانت بە هەقیقەت نا لە دڵتەوە، دەبێت هەنگاوی یەكەم بنێیت بەرەو مسوڵمان بوون، ئایا دەتەوێت یارمەتیت بدەم بۆ باشترین بڕیاردان لە ژیانتدا وڕێنموێنیت بكەم بۆ چۆنیەتی مسوڵمان بوون؟

مەهێڵە تاوانەكانت ڕێگر بن لەوەی بێیتە نێو ئاینی ئیسلامەوە، خوای گەورە پێمانی ڕاگەیاندووە لە قورئاندا كە ئەو لە هەموو گوناهەكانی مرۆڤ خۆشدەبێت ئەگەر مسوڵمان بێت وتەوبە بكات وبگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری، تەنانەت پاش قبوڵكردنی ئیسلامیش سروشتیە كە تووشی هەندێك گوناه ببیت ؛ چونكە ئێمە مرۆڤین وفریشتە نین كە هەرگیز سەرپێچی نەكەین، بەڵام داواكراوە كە داوای لێخۆشبوون لە الله بكەین وبۆ لای ئەو بگەڕێینەوە بە تەوبەكردن، ئەگەر خوای گەورە ببینێت كە تۆ ڕاستەوخۆ ودەستبەجێ هەقت قبوڵ كرد وهاتیتە نێو ئاینی ئیسلامەوە وشایەتومانت هێنا ؛ ئەوا یارمەتیت دەدا بۆ وازهێنان لە تاوانەكان، ئەوەی بەرەو لای الله بڕوات وشوێنی هەق بكەوێت ؛ خوای گەورە سەركەوتووی دەكات بۆ خێری زیاتر، بۆیە لە ئێستادا هیچ دوودڵ مەبە لە هاتنە نێو ئاینی ئیسلامەوە.

لە بەڵگەكان سەبارەت بەم بابەتە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوا إِن يَنتَهُوا يُغْفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ﴾ واتە: ﴿(ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: بە ئەوانەی كە بێ باوەڕ بوون ئەگەر كۆتایی بهێنن (بەبێ بڕواییەكەیان) بەڕاستی (خوا) دەبورێت لەهەرچی لەوەو پێش كردوویانە﴾[٨ : ٣٨].

## چی بکەم بۆئەوەی ببمە مسوڵمان؟

هاتنە نێو ئاینی ئیسـلامەوە کارێکی زۆر ئاسـانە، وپێویسـتی بە هیچ ڕێورەسـمێکی فەرمی وئامادەبوونی هیچ یەکێك نییە، تەنها لەسـەر مرۆڤە کە هەردوو شـاهێدیەکە بدات -شـایەتومان بهێنێت- بە زانسـت وباوەڕبوون بە ماناکەی، ئەمیش بەووتنی:

(أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدًا رسول الله)

واتە: (شاهێدی دەدەم هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله وشاهێدی دەدەم موحەمەد پێغەمبەری خودایە)،

ئەگەر کرا بە زمانی عەرەبی بیڵێیت باشترە وئەگەر قورس بوو ئەوا تەنها بە زمانەکەی خۆت بیڵێیت بەسە وبەم شـێوەیە مسـوڵمان دەبیت، پاشـان دەبێت ئاینەکەت فێر بیت کە سـەرچاوەی بەختەوەریتە لە دونیادا وهۆکاری ڕزگاربوونتە لە قیامەتدا

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئاینی ئیسلام ؛ ئامۆژگاری دەکەم بە سەردانیکردنی ئەم ماڵپەڕە:

https://byenah.com/ku

بەستەری (وەرگێڕاوی ماناکانی قورئانی پیرۆز) بە زمانی کوردی:

https://quranenc.com/ku/home

بۆ فێربوونی چۆنیەتی پەیڕەوکردنی ئاینی ئیسلام، پێشنیار دەکەم سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەیت:

https://byenah.com/ku

# پێڕست

(كلیك لەسەر سەرەبابەتەكە بكە بۆئەوەی بچیتە سەر بابەتە لە لاپەڕەكەی خۆیدا)


پێشەكی ........................................................................................................ ٤
خوای بەرز وپاك................................................................................................ ٥
سیفەتەكانی پەروەردگار -سبحانه وتعالى-........................................................ ٦
پەروەردگاری پەرستراو دەبێت خاوەنی كاملترین سیفەتەكان بێت.................................... ٦
ئایا ماقوڵە پەروەردگار وازمان لێبهێنێت بەبێ ئەوەی وەحی ئاسمانیمان بۆ بنێرێت؟.......................... ٧
قورئانی پیرۆز .................................................................................................. ٩
بۆچی چەندەها پێغەمبەر هەیە؟ ........................................................................... ٩
مرۆڤ نابێتە ئیماندار هەتاوەكو باوەڕ دەهێنێت بە هەموو پێغەمبەران ........................................ ١٠
ئایا ئیسلام چییە؟ .............................................................................................. ١٠
باوەڕی مسوڵمانان چییە سەبارەت بە عیسا -علیه السلام-؟................................................ ١١
ئەوەی دەیەوێت ڕزگاری بێت لە قیامەتدا ؛ دەبێت بێتە نێو ئاینی ئیسلامەوە وشوێنی پێغەمبەر موحەمەد بكەوێت
-صلى الله علیه وسلم-. ....................................................................................... ١٢
دەبێت چی بكەم بۆئەوەی ببمە مسوڵمان؟.............................................................. ١٤
ئیسلام ڕێگای بەختەوەریە ...................................................................................... ١٥
چی سوودێك بەدەست دەهێنم ئەگەر بێمە نێو ئاینی ئیسلامەوە؟............................................ ١٥
تووشی چی خەسارۆمەندی وزیانێك دەبم ئەگەر پەیڕەوكاری ئاینی ئیسلام نەبم؟ ................................ ١٦
بڕیارەكە دوامەخە ! .......................................................................................... ١٦
هیچ پۆزشێك نییە بۆ ئەو كەسەی هەق ڕەت دەكاتەوە وشوێنی باوباپیرانی دەكەوێت.............................. ١٧
چی بكات ئەو كەسەی كە دەیەوێت مسوڵمان بێت بەڵام دەترسێت لەوەی كەسە نزیكەكانی ئازاری بدەن؟ ......... ١٨
پەیامێك بۆ تۆ ئەی خوێنەری بەڕێز.......................................................................... ١٩
ئایا ئامادەیت بۆ مەزنترین بڕیاردان لە ژیانتدا؟ .......................................................... ١٩
چی بكەم بۆئەوەی ببمە مسوڵمان؟ ........................................................................... ٢٠
پێڕست........................................................................................................... ٢١

# ننشر الإسلام بأكثر من 100 لغة

IslamHouse.com

مرجعيـة مجانيـة إلكترونية
موثوقة للتعريف بالإسـلام

موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com

موسوعة تضم تفاسير وتراجم
موثوقة لمعاني القرآن الكريم

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com

موسوعة تضم ترجمات للأحاديث
النبويــــة وشروحها بعدة لغـات

موسوعة المصطلحات الإسلامية
TerminologyEnc.com

موسوعة تضم ترجمات المصطلحات
الإسلاميــة وشروحها بعدة لغـــات

منتقى المحتوى الإسلامي

موسوعة تضم المنتقى من
المحتوى الإسلامي باللغات

جـمـعـيـة الـدعـوة
وتوعية الجاليات بالربوة

جمعية خدمة المحتوى
الإسـلامـي باللغـات